هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كە ئەو خەریکی سیواک کردن بوو بە سیواکێکی تەڕ، ولایەکی سیواکەکە لە سەر زمانی بوو، ودەیووت: ئەع، ئەع، وسیواکەکە لە دەمی بوو، ودەنگێکی لێوە دەردەچوو وەکو ڕشانەوە

لە ئەبی موسای ئەشعەرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كە ئەو خەریکی سیواک کردن بوو بە سیواکێکی تەڕ، ولایەکی سیواکەکە لە سەر زمانی بوو، ودەیووت: ئەع، ئەع، وسیواکەکە لە دەمی بوو، ودەنگێکی لێوە دەردەچوو وەکو ڕشانەوە).

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبی موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات: کە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا کە ئەو سیواکی دەکرد بە سیواکێکی تەڕ، چونکە سیواکی تەڕ دەم باشتر پاک دەکاتەوە، وناو دەم ئازار نادات، وسیواکەکەی خستبووە سەر زمانی وزۆر پاکی دەکردەوە بە سیواکەکە، هەتا وەکو ئەوە وابوو کە بڕشێتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3456